## بابەت تایبەت بەئاسۆ

# ئازادی ..... ئاشتی ..... خۆشەویستی ....

### پەیامی هەمیشەزیندووی ژان پۆلی دووەم بوو......

بەدواداچونی

کامەران ئیسحاق پەری

**سەددام حسێن .....**

**گەرپاپاسەردانمان بکات گەورەترین گورزبەرسیاسەتی دوژمنکاری ئەمریکادەکەوێت !؟**

**روفائێلی دووەم رۆما** ئۆگوستی 1999

پاپایۆحەنای دووەم لەدایک بووی 18-05-1920 لەپۆلۆنیا لەساڵی 1978, بەهەڵبژاردن عەرشی کلێسای کاسۆلیکی بەدەستەوەبوەتادواترلەکات ژمێری 37-21 دەقیقەلەڤاتیکان ولەرۆژی 02-04-2005 کۆچی دوایی کرد .لەگەڵ وادەی کۆچکردنیداناوەندوئاژانسەکانی میدیایی جیهانی بەم شێوەیە مانشێتەکانیان دەستپێکرد (پیاوێک بووهەمووژیانی لەپێناوهاتنەدی ئازادی وخۆشەویستی بۆهەمووجیهان تەرخانکردبوو). لەوەش زیاتر ولەسەرئاستی سوێد شازادەی یەکەمی ئەووڵاتە (ڤکتۆریا)بەم شێوەیەوەسفی دەکات ودەڵێت (پیاوێکی بێوێنەبوو.....لەسەرشەخسی خۆم کاریگەری زۆرگرنگی هەبوە دەتوانم بڵێم رێچکەی تێفکرینم لەژیاندا هەمووی گۆڕی)

پاپا لەماوەی 26 ساڵی حوکمڕانی 176 سەفەری ڕەسمی لەماوەی شانزەساڵدابە جیهاندا گەڕاوە....... تیایدا بۆیەکەم جار پەیامی ئازادی لەپاڵ خۆشەویستی بۆ هەموو جیهان بەرزکردۆتەوە .ئەمە یەکەمین پاپایە کەلەپاڵ پەیامی ئاینی پەیامێکی مرۆیی بەرزترکەئەویش ئازادی گەلانە بخاتەبەرنامەوئەجندەی کارەکانەوە، بێگومانیش هەنگاونان وەبۆگەیاندنی ئەم پەیامەئاسان نەبووبەتایبەت پێویست بووەپاپا لەگۆشە وکو چە تەسکەکانی بچوکترین وڵاتی جیهان‌دەربچێتە دەرەوەولەڕێگەی سەفەرکردن وەک پەیام بەرێگ بەدەستوری مەسیح ئاسا بەشێک لەوئامانجەبپێکێت .....دیارەسەردانی پاپابۆهەرووڵاتێک مانایەکی سیاسی گەورەدەگەێنێت،بەوپێیەی کەپاپابەجێگری مەسیح ناودەبرێت .....هەربۆیەش ناوەندەسیاسی ودبلۆماسیەکانی ئەمرۆی جیهانی گلۆبالیزم شان بەشانی دکتاتۆروخوێن مژەکان....زۆربەوردی لەکۆکردنەوەی زانیاری بوون لەمەڕ هەنگاوەلەسەرخۆکانی پاپا،بێگومان لەم پێناوەشدا بەشێوەیەکی وورد کاریان بۆ ئەوەدەکرد کەپێی پیرۆزی پاپا لەسەرخاکی ووڵاتە کەیان بنیشێت،

سەدامی دکتاتۆریەکێک بوولەوکەسانەی کەزۆرهەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ پێخستنی پاپالەسەرخاکی پیرۆزی ئێراق بەتایبەت پاش ئەوهەواڵەی کەگەیشتەدەستی سەدام کەتیایدابەڕاشکاوی پاپاگەورەترین ئاواتی خۆی ئاشکراکردبوو،ئاواتی سەردانی مەزاروشوێنەپیرۆزەکانی ئێراق بۆپیرۆزکردنی ساڵی ملینیۆم 2000 .... کەگەرسەلیقەیی پاپاوهەوڵی ئازادی خوازان!؟نەبوایە......ئەمرۆکەهەمووکارباشیەکانی پاپامان دەخستە ئەولاوەو دەکەوتینە توانج لەبەرنامەی کاری دەرەوەی ڤاتیکان.

؟.......گریمان پاپا کەبەهەڵگروپارێزەری عەرشی کلێسای کاتۆلیکی،ڕونترلەجێگەی مەسیح .....کەپیرۆزترین سونبۆلی دۆگمای مەسیحییە....بەرلەکەوتنی سەددام وەتایبەت لەساڵی 2000 داکەبەساڵی ملینیۆم ناسراوە سەردانی عێراقی بکردایەولەفرۆکەخانەی بەغدا، دابەزیایەودەستی بخستایەتەدەستی سەدام وهەرلەوێندەرێ گڵی ئەوخاکەی ماچ بکردایە کەپتر لەیەک ملیۆن گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە ولەوێشەوەبەرەوسامەرابەرێ بکەوتنایە بەروەباشوربەرەو قەبرستانی کوردان کەژێرەکەی 182 هەزارئەنفال، لەوپەڕی باکوریش بۆنی گازەژەهراویەکانی بکردایەداخۆچی دەبوو؟!.ئەم باسەمان بۆیە هێنایەکایەوەبۆئەوەی خوێنەری کوردی بەئاگابێت لەهەبوونی هەوڵێکی پوچەڵ لەلایەن حکومەتی بەعسەوەولەلایەن شەخسی سەدام بۆڕازی کردنی پاپابەوەی کەلەورێکەو

تەداشان بەشانی سەردانی بۆفەلەستینومیسر،ئیسرائیل،ئێراقیشی تیابوایەبەحوکمی ئەوەی کەئێراقیش گەورەترین مەڵبەندی کلێساوباوەری کاتۆلیکییەولەسەرزاری خۆی بەدەق گوتبووی( هەممونئاواتم ئەوەیە کەبەر لەمەرگ سەردانی ئێراق بکەموفەریزەتی حەج ونزرم بهێنمەدی).بەداخەوەئەم جۆرەهەواڵانەبەهیچ شێوەیەک لەلایەن راگەیاندنی کوردیەوەباس نەکران ،لەکاتێکداپێویستەبۆکوردبزانێت کەگەرهەوڵی ئازادی خوازان نەبوایە پاپا هێندەی نەمابووپێبخاتەئێراقی گۆڕبەکۆمەڵ....ئەمریکاوهەوڵەکانی لەپێشەنگی ئەوهەولانەن کەهەتاکو ئێستاشاراوەنوبڕیارەلە ئایندەیەکی نزیک دا...هەقەتەشاراوەکان ئاشکرادەبێت وەک ئاشکرابونی کردەوە ناڕەوشتیەکانی ڤاتیکان کەلەساڵی 2000 دالەبەرگی کتێبێک بەزمانی ئیتالی چاپ کرا..

<u>خشتەی سەردانەکانی پاپالەماوەی 26 ساڵەی حوکمڕانیدا بۆ وولاٚتانی جیهان.</u>

1979دۆمەنیکا،مەکسیک،بەهاما،پۆڵۆنیا،ئێرلەندا،ئەمریکا،تورکیا

1980زائیر،کونگۆ،کینیا،گەهانا،ئهیلفن،بنسکستان،فەرەنسا،بەرازیل،ئەلمانیای شەرقی.

1981پاکستان،فلیپین،گوام

1982نێیجیریا،بینین،گابون،گوینا،پورتوگال،بەریتانیا،ئەرجەنتین،سانمارینۆ،ئیسپانیا

1983پورتوگال،کۆستەریکا،نیکەراگوا،پەنەما،سلڤادۆر،گواتیمالا،هوندۆرۆس،بەلیزا،هایتی،

پۆلۆنیا،نەمسا.

1984کۆریا،تایلەند،سویسرا،کەنەدا،ئیسپانیا،دۆمەنیکا،پۆرتۆریکۆ

1985ڤەنزوێلا،ئیکوادۆر،پێرۆ،تۆباگۆ،هۆلەندا،لۆکسمبۆرگ،بەلجیکا،تۆگۆ،کامیرۆن،چین،زائیر،کینیا،مەغریب،سویسرا

،لیاچینیستیان.

1986هند،کۆلۆمبیا،فەرەنسا،بەنگلادش،سەنگافور،فیلیۆنە،نویزلەندا،ئوستورالیا،

1987ئۆروگوا،چیلی،ئەرجەنتین،ئەلمانیای شەرەقی،پۆلۆنیا،ئەمریکا،کەندا

1988ئۆروگوای،بۆلیڤیا،پەرەگوای،پێرۆ،نەمسا،زەمبابوای،بۆستانا،مۆزەمبیق،لوسۆتۆ،سویسرا،فەرەنسا

1989مەدەقەشقەر،زامبیا،مەلەویا،نەرویج،ئیسلاند،فلاند،دانیمارک،سوید، کۆریا،مۆریتانا

1990گوانانەباسا،مالی،بورکانیافاسۆ،چاد،چیکسلۆڤاکیا،مەکسیکۆ،سوراکۆ،مالتا،تەنزانیا

،برۆندی،رواندا،

1991پورتوگال،پۆلۆنیا،ئنگاریەن،بەرازیل،

1992 سینیگال،گامبیا،گوانا،ئەنگۆلا.

1993 بینین ،ئۆگەندا،کەرەتۆم،ئەلبانیا،ئیسپانیا،جامایکا،لتوانیا،لیتلاند،ئێستلاند

1994 کرواتیا.

1995مانێلا،ئوستورالیا،سیریلانکا،تاژیک،بەلجیکا،سلۆڤاکیا،کامیرۆن،باشوری ئەفەریقا،کینیا،ئەمریکا

1996 گواتیمێلا،نیکەراگوا،ئیلیلڤادۆر،ڤانزوێلا،تونس،سلۆڤێنیا،ئەلەمانیا،ئونگارن،فەرەنا

1997 بۆسنە،تاژیک،لبنان،پۆلۆنیا،فەرەنسا،بەرازیل.

1998 کوبا،نەیجیریا،نەمسا،کرواتیا

1999 مەکسیکۆ،ئەمریکا،رۆمانیا،پۆلۆنیا،سلۆڤینیا،هند

2000 میسر،ئیسرایل،ئوردن،فەلەستین.

2001 یۆنان،سوریا،ماڵتا.

پاپاژان پۆلی دووەم بەپەیامبەرێکی ڕاستەقینەناودەبرێت.....یەکێکیش بوەلەوکەسایەتیانەی وێڕای کفتی و تەمەندرێژی نەخۆشی هەمیشە لەپرسیارکردن بوەدەناڕۆحی وبیری لەکارنەکەوتبون ئەمەش ئەوگوتەیە دەسەلمێنێت (کەپیری تەنهاشکڵمان دەگۆڕێت دەناناخمان هەرڕۆحی گەنجیەتی تیادەمێنێت...وبەردەوام لەگەشە کردندایە )

زۆری سەفەرکردنی پاپابەجیهاندا جگە لەگەیاندنی فەرزێکی مەسیحیەت هاوکات دەرچونی ڤاتیکانیش بوو بەودەرئەنجامەی کەسەردەمی مژدەدان بۆپەیامی مەسیح بەداگیرکردن لەسەرفەرمانی پاپانابێت، هەروەک چۆنیش بەدانیشتن لەسەرکورسی ئاڵتونی و بەتەنهاش بەبەرزگرتنی خاچی مەسیح ...خەڵک.نابێتە مەسیحی.

- گلۆباڵیزمووئاسان کاری لەهاتوچۆدا گەرلەلایەک زیانی بەباوەڕی ئاسمانی هێنابێت لەلایەکی تریشەوەسودی گەیاندوەدەناپاپا لەزەمەنی سواری سەرحوشتربوایەقەدئەوەندەنەدەگەڕا .!؟ بەجیهاندا شایەنی باساپاپایۆحەنای دووهەم یەکەم پاپایالەجیهان کەئیتالی نەبێت ورەگەزنامەی ئیتاڵی نەبێت ،...

<u>پەراوێزوسەرچاوەکان</u>

- ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئێکسترابلادیت ی دانیمارکی دەرچوی یەک شەممە13-05-2001
- شازادەڤیکتۆریاچوارجار چاوی کەوتوەبەپاپا یەکەم جارلەتەمەنی دوانزەساڵیدا لەسەردانی پاپابۆسویدلەساڵی 1989 دوەم جار لەساڵی 1991 سێیەم جارلەساڵی 1999 دواجاریشلەساڵی 2002 دا .
- لەکەنارشاری ڕۆمای پایتەختی کڵێساوبەتایبەت لەباشوری ڕۆماکەنزیکەی چلوپێنج دەقیقەدورەلەڤاتیکان حکومەتی ئێراقی لەڕێگەی بەکارهێنانی دێرێکی کڵێسای کلدانی سەربەپاتریەرکی بابلی کەنوسینگەی سەرەکەیەکەی بەغدادە کاروبەرنامەڕێژی دەکرابۆڕازی کردنی پاپابۆسەردانی ئێراق ....لەڕێگەی گەیاندنی هەواڵی تازەی کۆشکی ڤاتیکان وناردنی ئامادەباشیودڵنیاکردنی لەپاراستنی سەلامەتی شەخسی پاپا هەروەهاهەوڵدان بۆ دەم چەورکردنی هەندێک لەڕاوێژکارانو کاردینالەکانی کۆشکی ڤاتیکان پاپا....
- دواهەمین هەوڵوتەقەلای سەددامو دواکارتی یاری پێکراوی موخابەراتی ئێراقی بۆڕازی کردنی پاپا ناردنی شەخسی پاتریەرکی کلدان مارروفائێلی یەکەم بیداوید لەناوەڕاستی ئۆگوستی ساڵی 1999 بوو ،بۆ خۆشحاڵی دەربڕین بۆسەردانی پاپا کەتیایدائەمیش سەرنەکەوتوبەپڕکردنی جانتاکانی لەکتێبی ئاینی بەرەو لوبنان لەوێشەوەبەرەوئێراق بەڕێ کرایەوە....
- مەبەست لەکردەوەی نارەوشتی کاری سیکسی لەنێوان دارودەستەی وقەشەوڕاهیبەکانی ناوڤاتیکانە ناوەڕۆکی ئەوکتێبەبریتیەلەکۆمەڵێک پەیوەندی سیکسی شاراوەکەبۆیەکەمین جارەلەوشێوەیەبڵاودەکریتەوە.